

**نوسینی سارا عومەر**

# بمخەوێنە !!

18/1/2006

xozga86@hotmail.com

شەو درەنگە و

من بۆ سێبەری ڕووبار ئەگەڕێم و ئەویش ئاوێتەی دەریا بووە

من بۆ مانگە تەنیاکەی شەوان ئەگەڕێم و .. ئەویش هەوری پۆشیوە

من بۆ ئەستێرە ئەگەڕێم و.. ئەویش لە من زوێر بووە

من بۆ ڕۆشنایی مۆمەکەم ئەگەڕێم و.. ئەویش ڕێی تاریکی گرتووە

من بۆ بەرزایی شاخ ئەگەڕێم و.. ئەویش تێکەڵ زەوی بووە

من بۆ یادگارییەک دەگەڕێم و.. ئەویش ڕێی ( نامۆ)ی گرتووە

شەو درەنگە و

من بۆ هەناسەیەک ئەگەڕێم و.. ئەویش خۆی داوەتە دەم (با)

من بۆ (با) ئەگەڕێم و.. ئەویش سەرسامی باران بووە

من بۆ باران ئەگەڕێم و.. ئەویش لیتاوو دایپۆشیووە

من بۆ وەڵام لەگەڵ گوڵە سوورەکەتدا ئەدوێم و.. ئەویش پەڕەی هەڵوەریووە

Kurdistannet کوردستان نێت

شەو درەنگە و

من بۆ ئەو جەستەیەت وێڵم و تۆش لە کەلی شەیتان نایەیتە خوارەوە

من بۆ ئەو جەستەیەی تۆ وێڵم ببیتە ئاگردانی شەوانم

من بۆ ئەو جەستەیە وێڵم ئاوێتەی خۆیم کات و چیتر شەوم بیرباتەوە!!

من بۆ جەستەیەک ئەگەڕێم گشت شەوان ..

پێش ماڵ ئاوا یەک یەک تاڵی زوڵفی لێک ئاڵاوم سەرژمێر کا

من بۆ جەستەیەک خۆم بەخت ئەکەم کە هەستە (نامۆ)کەم دروستی دەکا

من بۆ دەمی جەستەیەک شەیدام کە لە* ما چ ێ ک ی * شەو باشدا بمتوێنێتەوە!!

من بۆ (دەست)ە بەرخۆلەیەک شێتم

کە بە پەنجەی شیرینی جۆگەلەی فرمێسکم بکاتە خوڕەی پڕ ئەوین

من بۆ سنگی ئازیزێک وێڵم کە خۆی ئەکردە باڵدار و

چەند شەوانێک ئاسمانی سەر ژوورەکەمی کردبووە هێلانە

من بۆ ساتەکانی شەو باش دێوانەم کە

تەنها لە باخی خەیاڵە فانتاسیەکاندا لەگەڵم بوویت !!

توخووا....

من بۆ تۆ ئەدوێم شەوی تاریک و دڵی ناسکی من.. دەسا وەرە بمخەوێنە

لەگەڵ تۆمە ئەی ( نامۆ)یی بەم شێوەیە مەم ڕەنجێنە

دڵی بێ لانکەی گیانی من بەم سیمایە مەتۆرێنە

ئیتر تەواو مەم سوتێنە .. دەسا وەرە بم لاوێنە

بە لایی لالایە شەوانە هەر وەک جاران

چاوەکانم بخلافێنە

چاوەکانم بنوقێنە ... چاوەکانم بنووقێنە